www.kurdistannet.org
11-10-2006 9:13 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەبێ هەموو کورد ناوی ئەیووب بێ ... کۆسار ئەحمەد

جاران کەمناڵ بووم داوای هەرچیەکم بکردایەکەبۆ تەمەنی منالّیم ئەشیا ڕووبەڕووی ووشەی نا ئەبوومەوەلەلایەن دایك و بابمەوەبەڵام نەنکم یادی بەخێر شتێکی پێ ئەووتم ئیتر یەك ڕاست دەمکووتی ئەکردم و بێ دەنگ ئەبووم ئەویش سەرگووزیشتەی سەبری ئەیووب بوو کەچەند ساڵ ئەو قوڕبەسەرەلەبەر خاتری خوا سەبری گرت و پاشان خوا پاداشتی دایەوەلەپاڵ ئەمەدا نەنکم زۆر بلیمەت بوو هەر ئەوەنەبوو بەسەبری ئەیووب من بێ دەنگکا بەڵکوو ئەوەندەلێزان بوو ئەگەر جێیەکی لەشمان بئێشایەسەر ی ئەخستینەسەر ڕانی وو ئەستێرەی بۆ ئەژماردین لەیەکەوەدەستی پێ ئەکرد تا ژمارەدەئەو جا ئەی ووت ئەستێرەکان ئازاری ئەم کوڕەی ئێمەبەرەبۆ ئاسمان، ئێمەش لەبیر کردنەوەیەکی قوڵدا گێژوو ووڕ دەبووین و تاوای لێدەکردین چاومان دەچووەخەوو بەڕاست خاوەن ئەزموونێکی قووڵ و گەنجینەبوو دەیزانی چۆن پەی بەرێ بەبیر کردنەوەو تێفکریینی منالأن، کوردوستانی ئێمەئەمڕۆ کتوو مت نارەزاییەتییەکان و داواکارییەکانی وەك ئەوەی خۆم و منداڵیم دێتەبەرچاوو حکوومەتەکەی پارتیوو یەکێتیش وەك نەنکم

(15) ساڵەخەڵکی کوردوستان داواکاریەکانییان دەخۆنەوەو سکیان هەڵدەگووشن و هەمووئاواتەکانییان لەپێناوی خاك و وەتەنوو نیشتمان ئەبێ سەربڕن ئەبێ سەبریان هەبێ چونکەئێمەدووژمنمان زۆرەو گەر ئێمەبێ دەنگ نەبیین و هەموو خۆشیەکانمان نەکەیینەقوربانی دەسەلأت و مۆنیکاکانیان هەوەسی پڕخرۆشیان، بێ سەبرین و داوای سەبری ئەیووبمان لێدەکەن هەرجارەش بەئەستێرەکان ئازارەکانی دڵمان دائەمرکێننەوە، ئەی دەسەلأت نازانن ئێمەش تەمەنی منالّیمان بەڕێکردوو ئەستێرەکانی ئێوەش ئیتر ناتوانن ئازارەکانمان بەرەوو ئاسمان بەرن و ئێمەش سەبری (15) ساڵەجارێکی تر ناتوانین لەخۆمان نیشان بدەین، ئێ ئەیووبیش هەر ئەوەندەدانی بەخوداگرت بەڕاستی هەقەهەمووکورد ناوبنێن ئەیووب.